www.kurdistannet.org
26-10-2005 18:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نوسینی بێباجی هەندێک کوردی چوارمشقی ... جەمال فەتاح

بەشی چوارەم

لەم بەشەشدا هەردرێژە بەباسی ئیسلامی سیاسی ئەدەین بەتایبەتی ئیسلام تووند ڕەو.
لەکۆتایی ساڵی 1993دا کاتێک هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وئیسلامیەکانی باڵی مەلاعوسمان ومەلا عەلی بەشەڕ هاتن باڵی ئیخوانینمسلمینی کوردستان کەڕاستەو خۆلەلایەن باڵی ئەخوانی جیهانی ئیسلامیەوە دامەزرێنرابوون وە کاری تووندو تیژیو دەست بۆچەک بردن بەوان نەسپێررابوو یەکسەر لەدوای ڕوودانی ئەوجەنگەی یەکێتی وبزوتنەوەی ئیسلامی ئەوان خۆیان لەبزوتنەوە جیاکردەوەو وتیان ئێمە لەگەل بزوتنەوە نین، لەبن پاڵەپەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ناوی خۆشیان نا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان واتە ئەوکاتە لەسەرەتای 1994دا ناچار بوون ناوێکی سیاسی یان ناوی لایەنێکی سیاسی لەخۆیان بنێن، دەنا لەوەپێش هەر حاشایان لەوە ئەکرد کەئەوان حزب بن یان لایەنێکی سیاسی بن؟؟!!.
باڵی بزووتنەوەی ئیسلامیش واتە باڵی مەلاعوسمان ومەلاعەلی هەرپاش ماوەیەکی کەم لەدوای شەڕەکەیان لەگەل یەکێتی نیشتمانی زۆر بەخراپی تێکشکان ولەیەک دۆڵی سەر سنوری ئێران هەمویان خڕکرابوونەوە بێگومان زۆریش بچوککرابوونەوە هەتا بەهاری 1994 وڕوودانی جەنگی نەگریسی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان ئەوجا ئەوانیش گوڕو تینێکیان تێهاتەوەو توانیان لەودرزە فراوانەی نێوان پارت ویەکێتی خۆیان ڕێکبخەنەوەوبەشیوازێکی فراوانتر بێنەوە مەیدانی جەنگ دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەیەکگرتووی ئیسلامیش بەهەمان شێوە کەڵکی زۆریان لەو جەنگە ناوخۆییە قیزەونەی یەکێتی وپارت وەرگرتو توانیان لەنێوان ساڵەکانی جەنگی نێوان ئەودوولایەنەدا قئیدەیەکی جەماوەری باش لەخەڵکی سادەو ساویلکەی کوردستان بۆخۆیان دروستبکەن وئێستاش خۆیان بەلایەنی سێیەمی سەر گۆڕەپانی کوردستانی باشور ئەزانن و واتازە بەیانیشیان بڵاوکردووەتەوە کەئەوان بەیەک لیست دانابەزن لەگەل لایەنە کوردیەکان چی بۆپەرلەمانی ئێراق وچی بۆپەرلەمانی کوردستان، دیارە ئەوەش پلانێکی نوێی دوژمنانی نەتەوەکەمانە بۆئەوەی لەپەرلەمانی ئراقدا سەر بەخۆبن وبتوانن پشتگیری ئسلامیە کەلە وشکەکانی عەرەب بکەن دژ بەمافە نەتەوایەتیەکان کوردو داواڕەواکانی کورد لەپەرلەمانی ئێراقدا؟؟!!. پێویستە ئامازەبۆئەوەبکەین کەلەوە بەدواوە ئیتر بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بوون بەچەن باڵو بەشێکەوە لەبەر ئەوەی لەسەرەتای دروست بوونیانەوە وەک باڵێکی ئەخوانینمسلمین لەدایک نەبوون بەڵکو بزوتنەوەی ئیسلامی ئێران دروستی کرد وەک لەبەشی سێیەمی ئەم باسەدا ئامازەم بۆکردووە بۆدژایەتی ئیخوانینمسلمینی سونەی عەرەب دروستکران بۆیە ئێران جگەلەوەی سەرجەم بزوتنەوەکەی بەپیاوی خۆی ئەزانی لەهەمانکاتدا لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا کۆمەڵێک دەستی تایبەتی خۆی دروست کردبوون کەچەند خەتێک بوون سەر بەدەسگا جاسوسیەکانی حکومەتی ئێران ئیتر باڵی ئیتڵاعات وباڵی قەرارگا مخابەراتیەکانی ئێرانیان بەگشتی لەناودا هەبوو کەبەبەرژەوەندی ئێران کاریان ئەکرد لەو سەرودەمەشدا بنلادەن والقاعیدەی تیرۆریستیش لەڕێگای مەلاکرێکارەوە خەتێکی بەهێزی خۆیان لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا دروستکرد، ئیتر ئەوە بوو خەباتی ئیسلام و (النهچە) جەیشی ئیسلام

وئەنسارالاسلام ودواتریش پەیوەندی ئیسلام لەبزوتنەوە جیا بوونەوەوئەمەش بڕستی لەخودی بزووتنەوە بڕی وبەتەواوی هەڵی وەشاندن، بەڵام ئێستا لەکوردستان هیچ گروپێکیان چەکدار نین جگە لەگروپی ئەنسارالاسلامی تیرۆریست کە بەتەواوی تێکەڵێ مەرامەکانی القاعیدە بوون ووالەناوەڕاستی ئێراقدا بەکاری تیرۆریستیەوە خەریکن وجار جارلەکوردستانیش ئەگەر بۆیان بکرێت کاری تیرۆریستی قیزەون ئەنجام ئەدەن لەبەر ژەوەندی کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەبی، باڵی خەباتی ئیسلامیش لەگەل باڵی مەڵاعەلی یەکیانگرتەوەو پاشانیش لەدوای گرتنی کۆنگرەیەک مەلا عەلیشیان لەکار خستوو کەسێکیتر بەناوی کامیل مەلاعەلی سەرپەرشتی بزوتنەوە ئەکات وەئێستا بەبێچەک لەهەڵەبەجەی شەهید دانیشتوون. باڵی پەیوەندی ئسلام یان کۆمەڵی ئیسلام ئەوانیش لەدوای بەش بەش بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی زیاتر مایل بوونی بەلای ئەنسارالاسلام ومەلاكرێكاردا کەئەوان بەردەوام لەجەنگدا بوون لەگەل یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا وتاوانی خێڵی حمەش کەئەنسارالاسلام بەسەر کردایەتی مەلاكرێكارئەوتاوانە قیزەونەیان ئەنجامدا نمونەی خەباتودڵسۆزی ئەنسارو مەلاكرێكارە بۆکورد؟!. بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوایان لەکۆمەڵی ئیسلام بەسەرکردایەتی مەلا عەلی باپیرکرد کەخۆیان لەجەماعەتی مەلاكرێكار جودا بکەنەوە دەنا ناچارین وەک ئەوان سەیری کۆمەڵی ئیسلامیش بکەین بەڵام مەعەلی باپیرو پەیوەندی ئیسلام هیچ گویان بەداواکەی یەکێتی نەداو بەشێوەیەکی سادە وەڵامیاندانەوە کەئێمە جیاین لەوان وخۆمان تێکەڵی ئەوان ناکەین. بەڵام بەشەویش لەگەل یەک بوون وهاوکاری تەواوی ئەنسارالاسلامیان ئەکرد، ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو هەتا دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ئێراق لەلایەن ئەمریکاو سوپای هاوپەیمانانەوە ئەوکاتە ئەمریکا لەدەریای سورەوە چەند ساروخێکیان ئاراستەی ناوچەی هەورامان وئەحمەد ئاوا کرد کەبارەگای ئەنسارالاسلام وکۆمەڵی ئیسلامی لێبوو کەبەباشی گشت بارەگاکانی پێکان وئەوجا جەماعەتی کۆمەڵ ومەلاعەلی باپیر ناچار دوای کوشتارێکی باش کەبەدەستی ساروخەکانی ئەمریکا کەلەناخافڵدا سرەوانیانە بارەگاکانیان ئەمجا بەپەلە پڕوزێ وتیان کوێمان بۆدیای ئەکەن پێی ڕازین وئێمەلەگەل ئەنساالاسلامدانین، پاشان لەچەککران وبەبێچەک گوێزرانەوە بۆناوچەی ڕانیە، هەر بەوەندەش ئەمریکا لێیان ڕازی نەبوو بەڵکو مەلا عەلی باپیر گرتوو ماوەیەکی زۆر لەبن لێکۆڵێنەوەو گوێڕاکێشانا بوو ئەوجا بەبەرگریەکی زۆری سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەمریکا بەری دا. کەچی لەپەرلەمانی کوردستادا مەعەلی باپیر لەکاتی لێدانی مارشی نەشتمانی ئەیرەقیبدا کاتێک پێویست بوو هەموو هەڵسنە سەر پێ ئەو هەڵنەسایەوە ئەوە وەفاکەی بوو بۆکوردو سەرکردایەتی سیاسی کورد کە لەئەمریکا پاڕانەوە کەبەری بدەن. ئەبێت ئەوەش بڵێم کەمەلاعەلی عەبدول عەزیزیش ماوەیەک کەمتر لەمەلا عەلی باپیر لەلایەن ئەمریکاوە گیرا وپاشان هەر بەتەکلیفی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەربوو. لایەنی ئیسلامی سیاسی کوردستان بەچەکدارو بێچەکیانەوە دوژمنانی نەتەوەی کورد بنیادی ناون چی لەلایەن ئەخوان و سونەی عەرەبەوە دروستکرابن چی لەلایەن ئێرانەوە دروستکرابن، دیارە دوژمنای سەرسەختی نەتەوەکەمان ئەمانەیان دروست نەکردووە بۆبەرژەوەندی کوردوپاراستنی مافەکانی کورد بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو گیاکەڵەی ناوکوردن وبۆپاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ونیازەگڵاوەکانی خۆیان دروستیانکردوون بۆیە بەهیچ شیوازێک لەبەر ژەوەندی کوردنین ولەبەرژەوەندی کوردیش نابن، بۆیە داوا لەگشت ڕۆشنبیران وهەمو ئەو کەسانەش ئەکەم کەپشتگیری ڕای ئیسلامی سیاسی ئەکەن باچیتر یاری بەخۆیان وپیرۆزیەکانی گەلەکەشیان نەکەن ئەمانە

کەدوژمنانی نەتەوەکەمان لەبەرژەوەندی خۆیان دروستیان کردوون ئیتر ئێمە بۆببین بەپشتگیران وگاڵتە بەهەزری خۆمانبکەین؟. لەکاتێکدا زانستە نوێیەکان لەم جیهانە بەرینەدا شتی شاراوە وپشتی پەردەیان لەبەر چاوی جیهان لابردووە وهیچ شتێکی خەارافاتی لەجیهانی گلوبالزمدا نەک باوی نەماوە بەڵکو بونەتە جێگای گاڵتە جاڕی گشت جیهانیان تازە بەتازەڕووناکبیرانی کورد دوای خەرافاتی وباوەڕی دوژمنانی نەتەوەکەمان بکەوین وخۆمان بکەین بەبەشێک لەپلانی دوژمنانمان وداگیرکەرانی چەندین ساڵەی نەتەوەکەمان، تازەبەتازە لاوانی کورد بەبەر چاوی هەموپێشکەوتن وزانستی تەواو گەشەکردوی جیهانەوە ئەچن ڕێبازێک هەڵئەبژێرن کەتەواو دژوپێچەوانەی مافوبەرژەوەندیەکانی خۆیان وگەلەکەیانە ئەمەش بەشێکێ گرنگی ئەو تاوانانە ئەگەڕێتەوە بۆڕۆشنبیرانی کورد کەبەهەموڕۆشنبیرانی کورد ناتوانین چەترێک بین بۆڕۆشنبیرانی کورد چونکە نەمان توانیوە ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ بگێڕین کەلاوانی کورد چیتر بەدەستو وتەی داگیر کەران بەشەوارەنەکەون ودوای جێبەجێکردنی مەرامەکانی داگیر کەرانی کورد نەکەون ونەبنە نێچیری پیلانەکانیان؟؟!!. وەئەرکی سەرشانی گشت ڕۆشنبیرانی کوردیشە کەدژی ئیسلامی سیاسی وهەڵماڵینی پەردەو نیقابەکانیان بوەستین وڕووی ڕاستیان هەرچی زیاتر بۆجەماوەر ڕوونبکەنەوە تاچیتر نەتوانن دەستی ڕۆڵەکانی کورد ببڕن وببنەکۆسپ لەپێش سەرفرازی نەتەوەبندەستە کەماندا. لەکۆتاییدا ئەڵێم لەم گشت تەکەتولاتو کۆمەڵو کۆمەڵبازییەی ئیسلامیەکانی کوردستان بەشیکی زۆریشیان هەروەک چەپەکان یان لەکوردستان لەماڵی خۆیان دانیشتون یان ڕوویان لەهەندەران کردووەو لەسەر سایتە کوردیەکان دەستیان کردووە بە ئەنجامدانی نەخشەوپیلانی دوژمنانی نەتەوەکەمان بەرانبەر بەدەسڵاتی کورد لەباشوری کوردستان بەتایبەتی ولەسەر پارچەکانی کوردستان بەگشتی وەڕۆژانە هێرشی ناڕەوای نوسین ئەکەنە سەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو کێشەی ڕەوای گەلەکەمان وئەیانەوێت مافی گەلەهەژارەکەمان بۆچەندین ساڵیتر دوابخەن ئیتر بەناوی خۆیان وبەناوی خوازراویشەوە خەریکی درۆنوسینن، بەداخەوە هەندێک کوردی سەر لێشێواویش پشتگیریان ئەکەن ودرۆبوختانەکانیان بەڕەواو بەکوردایەتی ڕەسەن ئەژمێرن.

ماویەتی...

جمال فتاح
2005/10/26
لەندەن